کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
19-4-2007 22:20بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## نامەی کچە ڤالانتاینێک ... لەتیف عومەر

چی بڵێم کە دڵ لەگەڵای دەمەو بەیانی
بەهار تەڕترو ناسک و نمەی پاراوتر بێ
کەنەتوانم تنۆکێ لەرۆح تێرحەزی گیانم بکەم
لاشەیەکم لە نوری مانگ ، بەنورترم
لە گەلاوێژی ناو دارە ئەستێرەکەی پیش سپێدە
ئازام لە جریوەی ئەو تەنکترە
لەهاوینی ئەو هاوینترم
بەڵام هەی داد
ئەم بەدەنە گیرۆدەی دەستی بێهیوایە
لەم هاوارەم
ئەشێ بلێم ئەی خودایە
تۆ ترساندمت بتپەرستم
ترساندمیان بتپەرستم
لەنێو ئەو هەمو پەرستنە ... لاشەم ونە
نیازەکان داوادەکەن
هەست دەبێتە تۆپەڵێک هەور
ئەشک لەبەردەم قورئاندا ... ڕێژنەدەکات
کەشمشێری سەرتیغی هەسان
لەبان زولف وگەردن پاسەوانە ... نەبا
دەستی کورێکی بەرکەوێت
بەچی بچێ ، بۆ کێ بڵێم
لەباوەشی کپ بوون
لە ناو گیانێکی بە سە هۆڵ بوون
پەنجەیەکی گەرمی نەدیبێ و
نە هەڵاوی هەناسەیەک
کەمێ بەستەڵۆکیم بتوێنێتەوە
نە خوای ئاخ شک ئەبەم
نە پێغەمبەری ئۆف
نە کورە مەلائیکەتێک
لەرەحمەتی نیازەوە ماچێکم لێوەرگرێت
یان ماچێکم پێببەخشێت
لەسەر شەختەی هەیوانێکی ،چین بەچینی بەردەلانێ
!دایە
ئەم ناسکۆڵە بەدەن پڕنازو حەزەم

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

19-4-2007 22:20بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

ئەخنکێنی و رامئەکێشی
بە پرچی خۆم
من ئەزانم لەگشت وەرزی عادەبونما
بەبەر تاقای هەیوانی ماڵ و
لاپەرەکانی نوێژی بەیەنیانت
شەرمەزار ئەبیت
تا لە شەرمەزاریتا
هەموو ووزەی پەرەی ئەم گیبیانەم
ی‌نێروەئە ... نەبا
کوڕە لاوێک لەناکاوا
بەلاما تێپەڕێت وبۆنێکی سەروسیمام بکات
ئەی ئاسمانە خەیاڵێکەی چاوەڕوانیم
وابەڕێوەم نیازی ئارەزوەکان
هەتاهەتای دوور لەچاوی باوکایەتی
. بۆت بهێنم
ببورەلێم کە بەم زوە دیمەوەلات و
نیازەکان لەبەر قاپی تورەبوندا فرێ ئەدەم
ێباب، جار بە جارێ
تا هەنگاوی باوکم
بەلایا تێئەپەرێ
بەبیریابیت
یستخە یتف ... نێوچاوانی ئاشقان
جوانە ندچە، ناسکە ندچە، نکەتە ندچە، چەند بە ئارام
زام یئازار، رنجەخە ۆقچە، زانێگو، دەرزی
. گوللە ئاژن بەخێو دەکات
ێجارێشئە، وەک نالەباریە باوکەسالارییەکەم
هەڵکەوێ بەرێکەوت
لەتارمایی رۆحەوە پێت بڵێم بابە
منیش تۆ ئاسا ... حەزم هەبوو
نیاز ... هەستم هەبوو
گیان ... رۆحم هەبوو
ئای لەو رۆژانەی فێرت کردم
نیازەکان بخنکێنم
فێرت کردم هەست لەعەبایەکی رەشا
لەنێو گەنجینەی پشت ژوەکەم
حەشار بەم
فیرت کردم ... گیانم لەنێو قۆزاخەیا دەرنەهێنم

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ڕۆحم هەبێت یان نەبێت
ئیتر بۆچی
شەوی ئەهلیلی بۆ بگرم
کە تا ئێستا
بۆنی لاملی کوڕە تینویەکم نەکردبێ
نیازێکم لە حەزی نیازەکاندا بۆ نەدیبێ
کە وا گیانم لە باخەڵی پر حەسرەتا نەخەوتبێ
هاتوم بڵێم لەم هەواره
نەفرەت
لەهەموو پەرستنەکان
لەتۆدایە
لەوبەیانیەی هەنگاوەکان
باسەر یادگارە جەللادییەکەی
پێی بابەیا تەواو دەکەن
ئیتر نەفرەت
جاریکی تر لە ئێوە
لەگۆر
لە ئاسمانیش
. هەمو نەفرەت
من زەمینم خۆش ئەویست
تەنها جارێک لە ئامیزیا بمخەوینێت
نەی ئەویرا
لە نیو ترسی خواپەرستی و پەرستگاکان
رووی دەریاشم چەند خۆش دەویست
تەنها جاریک
لە نسرمی شەپولێکدا
دەستەکانم ڕایکیشایە لە نێو دەریا
پەنجەکانی کورە لاویک
باڵی مەلەی عیشق بۆ یەک ڕابکێشین
نەمان ویرا دیسانەوە نەبا دەریا
شەپۆلەکەن بمرێنێت
لەگەڵ تاریکی نیوەشەو
ئاگری مۆمم خۆش ئەویست
تابتوانی
تەنها جارێک دلۆپێکی گەرم
سەهۆڵبەندانی گۆی مەمکەکانم بکاتەوە
نەی ئەوێرا نابا خاوەن ماڵ بیکوژێنێتەوە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

هەر هاتم و
لەسەر بەرزترین ترۆپی شاخیکەوە
بۆ مانگی چواردە خۆم رووتکردەوە
ماچیکی نیوەشەوم بکا
نەی ویرا نەبا هەورەکان پێبزانن
. هەوشاری بکان
ئێستا ئەڵێم
ئەی ناسک لەش
لەنێو هەموو ئەم شانۆیە
من چیم بێنی
تۆم بۆچی یە
نەفرات لەو جەسەدەی
لەتنۆکی حەزی کورێ بێحەسرەت بێت
هەتا ئەم کۆچی ئاسمانە
جەسەد هەوای بەرنەکەوتبێ
من بۆ نەفرەتێکی تر دەچم و
. ئێوەش هەر لەم نەفرەتەیا بمێننەوە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.